# هەندێ مۆچیاری بۆ سەرکردەیەکی پرۆلیتاری

حەمەسەعید حەسەن

لە سوێد لە گەڵێ سەرتاشخانە، ئەگەر نۆ جار سەریان لا بتاشی، جاری دەیەم بەلاشە. ڕۆژێک زەنگم بۆ خاوەنی چاپخانەی ئاپێک لێدا و گوتم: تا ئێستا نۆ کتێبم لای ئێوە چاپ کردووە، کتێبێکم بۆ چاپ ئامادەیە، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕێسایەدا کە سەرتاشخانەکان ڕەچاوی دەکەن، بینێرم بۆم چاپ دەکەن؟ گوتی: بینێرە. ئەو کتێبە کۆمەڵە شیعری «نووسین بەبێ وشە» بوو.

کە کتێبی «شیعر و تەور»م چاپ کرد و داوای کۆمەکم لە یەکێتیی نووسەرانی سوێد کرد، هێندەیان یارمەتی دام، توانیم ڤۆلڤۆیەکی نوێی پێ بکڕم. لەوانەیە من یەکەمین نووسەری کورد بم، کە دوای چاپکردنی کتێبێ، هێندەی قازانج کردبێ و ئەستەمیشە جارێکی تر تووشی شتی وا ببمەوە، بەلام هێندەی دڵم بە ڕستەیەکی جوانی نێو ئەو کتێبە خۆشە، نیو هێندە دڵم بە جوانترین ماشێن خۆش نییە.

یەکێک لە بابەتەکانی نێو ئەو کتێبە، لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە شیعری ڕەفیق سابیر. سوپاس بۆ جەزا چنگیانی کە دوای خوێندنەوەی ئەو باسە، بۆی نووسیبووم: ئەگەر لەسەر هەمان ئاست و ڕێچکە، درێژە بە نووسینی توێژینەوەی ئەدەبی بدەی، ئەوا ڕۆژێ لە دایکبوونت، دەبێتە ڕۆژی لە دایکبوونی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا.

بە هۆی هونەری ڕاوەژنەوە کە هیچ بەرهەمێکی لە ئەورووپا چاپکراوم هێندە زوو نەفرۆشراوە، خوێنەرانم لەم غەریبییە، قاقا لە ناخەوە پێکەنیون. تەنانەت یەکێکیان کە هونەرمەندێکی ناسراوە، بۆی نووسیبووم: لەوساوە هونەری ڕاوەژنم پێ گەیشتووە، ژنەکەم پێی وایە، تێکچووم. خوێنەرێکی دیکە نووسیبووی: بە دزی ژنەکەمەوە دەیخوێنمەوە، نەوەک دڵم لێ پیس بکا.

سوپاس بۆ قارەمانی سەرەکیی هونەری ڕاوەژن، کە بە هۆی ئەوەوە دەرگای حوجرەیەکی نوێم لە ئەدەبی کوردیدا خستە سەر پشت و هەنووکە چەندین نووسەر لەو بوارەدا شوێن پێمیان هەڵگرتووە. سوپاس بۆ ئەو قارەمانە لاوەکییەشم کە هێندە عاشقی ڕادیۆیە، ماوەیەک ڕادیۆ کوردییە ناوچەییەکانی ستۆکهۆڵمی لێ گرتبووم و داوای مێزگردی لێ دەکردم. ئاخر ئەو کارێکی کرد، لەسەر ئاستی جیهان، من یەکەم نووسەر بم، قارەمانێکی ڕادیۆی لێ گرتبێ.

سوپاس بۆ گۆران مەریوانی کە شیعری «سەفەر»ی کرد بە سوێدی، ئاخر هەر ئەو شیعرەم لە کتێبێکدا لەگەڵ بەرهەمی چەندین نووسەری دیکەدا بڵاو کرایەوە، لە کەتەلۆگێکدا کە تایبەت بوو بە ناساندنی بەرهەمی نووسەرانی ناسوێدی چاپ کرا، وەک بەشێک لە تێکستی شانۆنامەیەکی سوێدی نمایش کرا، بەرگی پرۆگرامی هەمان شانۆگەرییان پێ ڕازاندەوە و ژنە هونەرمەندێکی سوێدیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو شیعرەدا کە چەند جارێ لە سەروەختی پرۆڤەی شانۆگەرییەکەدا گوێی لێ گرتبوو، هەندێ تابلۆی کێشا.

سوپاس بۆ ئاشنا کەمال کە وێنەی ئەو بەشەی شانۆگەرییەکەی گرت و لە تەلەڤیزیۆنی شاری «مالمۆ»وە نیشانی دا.

سوپاس بۆ ئەو دوو کۆلکەنووسەرەی ڕاپۆرتیان بۆ پەکەکە لێ نووسیبووم.

سوپاس بۆ ئەو نووسەرەی کە ڕوو بە ڕوو ستایشم دەکا، بەلام چونکە ئێرەییم پێ دەبا، لە پاشملە، پاشقولم لێ دەگرێ. سوپاس بۆ ئەو نووسەرەی ئەگەرچی من ڕێم بۆ ڕۆشن کردەوە، کەچی سیخوڕانە ڕەوتاری لەتەکدا کردم. ئاخر ئەو جۆرە هەڵوێستانە هانم دەدەن، چالاکتر بم.

سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی لە هۆڵاند، لە کەمپێکی پەنابەراندا لەسەر کەڵەپشکۆ چاوەڕێی وەرگرتنی ئیقامە بوو، کە لەسەر خواستی خۆی، هەندێ لە کتێبەکانی خۆمم بۆ پۆست کرد، لە نامەیەکدا بۆی نووسیم: کتێبەکانت گەیشتن، هێندەیان خۆشی پێ بەخشیم، دەڵێی مافی مانەوەی هەمیشەییم وەرگرتووە.

سوپاس بۆ ئەو خوێنەرانەم، کە کاتێ لە کۆڕێکدا لە ستۆکهۆڵم، هەندێ چەقۆکێش پەلاماریان دام، ئەوان بازنەیەکیان بە دەورمدا دروست کرد.

سوپاس بۆ «کاروان» کە لە پێناوی گۆڤاری خەرمانە و چاپکردنی کتێبی مندا، چاپخانەیەکی دامەزراند و دواتر کۆنکوشی(١) کرد. سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی برێ پارەی بۆ ناردبووم و بۆی نوسیبووم: ماوەیەکە کتێبی نوێت دیار نییە، دەمەوێ بەشێک لە ئەرکی لە چاپدانی کتێبی داهاتووت لە ئەستۆی من بێ.

سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی گوتی: من بە سەلیقە قینم لە لایەنێک بوو. بەلام نەمدەزانی بۆچی، بە هۆی نووسینەکانی تۆوە بۆم دەرکەوت کە لەسەر هەق بووم. هێندێ لە نووسینەکانم بە جورێ پارسەنگی ئەو لایەنەیان تێک دابوو، هێندەی نەما بوو، بۆ تەمێکردنی من، حەمەفەریق حەسەنی برام تیرۆر بکەن. سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە بە ڕەخنەم باڵانسیان تێکدەچێ، داوای ئەوەم لێ دەکەن، سەردانی دۆکتۆری دەروون بکەم. سوپاس بۆ ئەو مۆچیارییە کە دەشێ زادەی نیازخاوێنی بێ! ئەگەرچی «ستالین»یش هەر لە هەمان ڕوانگەی ئینسانندۆستانەوە! نەیارەکانی خۆی ڕەوانەی سیبیریا یان شێتخانە دەکرد.

سوپاس بۆ متمانەی ئەو خوێنەرەی لە سەقزەوە بە هۆی منی سوێدنشینەوە پێوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە کرد.

سوپاس بۆ ئەو نووسەرە دانمارکنشینەی بۆی نووسیبووم: ڕاپەڕین لە سەنتەری هەولێردا بە شیعری «هاژە»ی تۆ دەستی پێ کرد.

سوپاس بۆ ناسری ڕەزازی و تەها عەزیز، کە یەکێ هەندێ شیعریان بۆ پاراستبووم.

سوپاس بۆ «شەپۆل» کە لە لەندەنەوە، بە بۆنەی سەری ساڵی نوێوە، زەنگی بۆ لێدام و گوتی: ئەگەرچی دژی بتپەرستیم، بەلام تا ئاستی پەرستن لەژێر کاریگەرێتیی جادووی نووسینەکانتدام. سوپاس بۆ ئەو خوێنەرە دۆکتۆرەم، کە جارێ بووی نووسیبووم: هیوادارم هەر نەخۆشییەک کە دەشێ تووشی تۆ ببێ، تووشی من ببێ. سوپاس بۆ بەرپرسی ئەو وەرزنامەیەی پێی گوتم: مایەی شانازیمانە کە ئێمە بەسەر دەکەیتەوە و بەرهەمی خۆتمان بۆ دەنێری.

سوپاس بۆ سەرنووسەری ئەو مانگنامەیەی پێی گوتم: هەرچی تۆ بینووسی بڵاوی دەکەمەوە، با دژی ئەو لایەنەیەش بێ کە من کاری بۆ دەکەم.

سوپاس بۆ سەرنووسەری ئەو هەفتەنامەیەی کە لاپەڕەی دوایی پێ بەخشیم.

وەلامی نامەی نووسەرێکی لاوی هەولێرنشینم دابووەوە، لە نامەیەکی دواتریدا بۆی نووسیبووم: نامەکەتم لە شووشە گرتووە و هەڵمواسیوە، لە بروانامەی زانکۆ زێتر دڵم پێی خۆشە.

سوپاس بۆ ئەویش. سوپاس بۆ کوردە ڕۆژهەڵاتییە ئاوارەکانی ڕوومادی، باشوورییەکانی پاکستان، کە خۆشەویستیی وان بۆ بەرهەمەکانم، وام لێ دەکا لەسەر نووسین سووربم.

سوپاس بۆ کرمانج حەقی کە پێنج کتێبی هێشتا چاپنەکراومی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە گەیاندە خوێنەرانم.

سوپاس بۆ ئەو ژنە سوێدییەی بۆی نووسیبووم: ناونیشانی نووسینەکانت سەرنجیان ڕاکێشاوم، تکایە چیت کراوە بە سوێدی بۆمی بنێرە. سوپاس بۆ ئەو خوێنەرەی پێی گوتم: ببوورە، ناوێرم کتێبەکانت بۆ کوردستان ببەمەوە، ئاخر تۆ ڕەخنەت لە «UN»یش گرتووە.

سوپاس بۆ ئەو شاعیرە کۆمۆنیستەی کە لە نامیلکەیەکدا شیعرەکانمی هەڵسەنگاندبوو، بە «ناسیۆنالیستێکی نارازی»ی نێوزەد کردبووم و دواتر لەو بۆچوونەی پاشگەز بووەوە. سوپاس بۆ ئەو ڕەخنەگرە پرۆلیتارییەی کە لە شیعرێکمدا، «شاسوار»ی بینیبوو، وای بۆ چوو بوو، زاراوەی سەردەمی دەرەبەگایەتیم بەکار هێناوە، ئەگەرچی شاسوار لەو شیعرەی مندا، ناوی ڕاستەقینەی شەهید ئارامە. من گلەیی چیم لەو هەبێ، لە کاتێکدا **مەنسوور** هێندە بێ **حیکمەت** بێ، گلەیی ئەوە لە ئەحمەدی شاملوو بکا، کە شیعری دژی: «حیجابی ئیسلامی، کاری کرێگرتە و حەساری ئیقتیسادی لەسەر عێراق»ی نەنووسیوە.(٢)

سوپاس بۆ ئەو چەپڕەوانەی کە زۆر بە پەرۆشەوە داوای کتێبەکانم دەکەن و کەچی خۆیان لە ناردنی بەهاکانیان گێل دەکەن. سوپاس بۆ ئەو خوێنەرانەی لەبری کتێبەکانم تەنیا سوپاسم بۆ دەنێرن، ئەگەرچی بە هەزار سوپاس لاپەڕەیەک، نە چاپ دەکرێ، نە پۆست.

سوپاس بۆ ئەو سەرنووسەرانەی لە کاتێکدا من یاریم بە وشە کردووە، ئەوان پێیان وایە، کەوتوومە هەڵەوە و لە دڵسۆزییەوە بۆم ڕاست دەکەنەوە!

سوپاس بۆ خۆم کە متمانەم بە نووسینەکانم نییە و پێ دەچێ تا دەمرم هەر بە ترس و لەرزەوە بۆ بڵاو کردنەوەیان بنێرم.

خوێنەرەکانی خۆم خۆش دەوێن، تەنانەت ئەوانەشی کە قینیان لێمە و داوا لە هەندێ بڵاوکراوە دەکەن کە بەرهەمم بڵاو نەکەنەوە. من وەک نووسەرێک بۆی نووسیبووم، خاوەنی قەڵەمێکی سەرکێشم، ئەمەیش لە گەشترین لایەنی خۆم دەزانم، کەچی جێی داخە هەندێ خوێنەرم، داوای ئەوەم لێ دەکەن، نەرم و نیانتر بنووسم. هێشتا هەرگیز گوێم لە یەکێ لەو خوێنەرانەم نەگرتووە، بریا ئیدی قسەی خۆیان لە گاشەبەرد نەدابا. بریا تا نووسینی دوا ڕستە، ئەسپی قەڵەمەکەم هەر سەرکێش دەبوو.

سوپاس بۆ هەمووی ئەو خوێنەرانەی خۆشیاندەوێم. سوپاس بۆ ئەوانەشی ڕقیان لێمە. بە هۆی ئەوینی دۆستان و قینی ناحەزانەوە، خاترجەمم ماندووبوونم بە فیڕۆ نەچووە. تا بە قووڵایی ساڵاندا بچم، تەمەنی قینم کورتتر دەبێ. وشەی ناسک و جوان لە سەرچاوەی دڵیکەوە هەڵناقوڵێ، لەشکری قین داگیری کردبێ. من ئەگەرچی بە نووسین ناژیم، وەلێ بێ نووسینیش ناژیم.

(١) bankruptcy :konkurs: نابووتبوون.
(٢) لە پێوەند بە مەرگی شاملۆوە، نامەی تایبەتی مەنسووری حیکمەت، وەرگێڕانی: ئاسۆ، ل٤، فدراسیۆن، ژ: ٥ دیسەمبەری ٢٠٠٠ هێلسنکی.